# خوێندنەوەیەک بۆ پەیامی هەرێمی کوردستان لە نێوەندی سەردانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ دەوڵەتی ئیمارات

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین، شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران**

**"ئێمە بکەرێکی ئەرێنیی ئەکتیڤی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستین و بەشێک نین لە جەنگ"**

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی 29/4/2026 بە سەردانێکی فەرمی و بابەتی دووقۆڵیی نێوان هەردوو لا گەیشتە دەوڵەتی ئیمارات. لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا، ئەوە چوارەمین سەردانی فەرمییە؛ بێجگە لە سەردانی یەکەمی بۆ ئەو وڵاتە کە لە ساڵی 2021 دا بوو( 1 )، کە بە سەردانێکی بنیاتنەری پەیوەندیی نێوان هەردوو لا ئەژمار کرا، بەڵام هەرسێ سەردانە فەرمییەکەی تر بە ستراتیژی و بۆ بابەتی گرنگ بوون.

هەر لەو کاتەوە سەردانە فەرمییەکان لەسەر هەردوو ئاستی حکوومەت کە سێ جار و، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە چوار سەردانی فەرمین، تەقریبەن هەموو ساڵێک بەڕێکخراویی ئەنجام دراون؛ تەواوی گفتوگۆکانیش ستراتیژی و لەسەر ئاستی دیپلۆماسییەتی لووتکە ساز دراون. بەڕێز نێچیرڤان بارزانی زۆر مەبەستیەتی ئەو پەیامە بگەیەنێ، کە هەرێمی کوردستان یەکێکە لە وێستگە گەشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ هەرێم بەدوای گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی خۆی و بکەرێکی ئەکتیڤیشە لە بواری دژایەتیی تیرۆرو ئاسایشی هەرێمی؛ هەرگیزیش بەشێک نەبووە و نابێت لەو جەنگانەی کە لە ناوچەکە کەوتوونەتەوە.

**ڕەهەندەکانی سەردانەکە**

سەردانەکە لە کاتێکی زۆر هەستیار و گرنگدایە لە ناوچەکە و هەرێم و عێراق. هێشتنەوەی ڕایەڵەی پشتیوانیی دەرەکی، یەکێکە لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی سیاسەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. سەردانەکە بۆ زیاتر جەختکردنەوەیە لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکان و هەماهەنگیی ناوچەیی و بەردەوامیی گفتوگۆکان بەڕێکخراوەیی. لە لایەکی تریشەوە سەرلەنوێ جەختکردنەوە و سوودبینین بوو لە ئەزموونی گەشەسەندنی ئیمارات و هاندانی وەبەرهێنانی ئەو وڵاتەیە لە هەرێم( 2 )، چونکە ئێستا لە هەرێم زیاتر لە 200 کۆمپانیای ئیماراتی لە بوارەکانی وزە، کشتوکاڵ، خانووبەرە و، خزمەتگوزاریی بنەڕەتی هەن، کە تەنیا 50 لەو ژمارەیە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا هاتوونەتە هەرێم( 3 ).

قەبارەی وەبەرهێنانی ئیماراتیش لە هەرێم، زیاترە لە دوو ملیار دۆلار. ئیمارات لە دوای تورکیا و ئێران،

سێیەم گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی هەرێمی کوردستانە[4]. ئەو وەبەرهێنانەی ئیمارات کە بەرەنجامی ئەو سەردانانەیە، بووەتە هۆی: هەمەچەشنەییی ئابووری و سەرچاوەکانی داهات، بنیاتنانی ژێرخانی هەرێم (بەتایبەت لە بواری ئەزموونی وەرچەرخانی دیجیتاڵی لە دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێم)، گەشەسەندنی جووڵەی بازرگانی (بەوەی کە بەندەرەکانی وڵاتی ئیمارات بە وێستگەیەکی گرنگی ئەو جووڵەیە بەرەو هەرێم ئەژمار دەکرێن)؛ بێجگە لەوەی کە بووەتە مایەی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی نێوان هەردوو لا؛ تەنانەت بۆ ئەو مەبەستە ئیمارات نێردەیەکی تایبەتی بۆ پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان داناوە.

سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێک دوای یەک ساڵ دێت بۆ ئیمارات؛ پار لە هەمان مانگی نیساندا ئەنجامی دا. بەڵام دۆسیەکانی ئەمساڵ زۆر زیاتر بوون لەوەی پار؛ گەرچی سەرلەنوێ جەخت لەسەر بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و توندڕەوی و ئاسایشی ناوچەکە کرایەوە. ئەمەیش وا لە هەرێم دەکات کە لەو بارەیەوە میحوەر و بکەرێکی سەرەکیی سیاسیی نادەوڵەتی بەردەوام بێت لە ناوچەکە و، هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی. لە هەمان کاتیشدا ئەم سەردانە ئەوە دەردەخات کە هەرێمی کوردستان بەردەوام ڕۆڵی هاوسەنگیی هەرێمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگێڕێت.

هەر ئەم پەیوەندییەی هەرێم و ئیماراتە، کە بووەتە هۆکاری ئەوەی ئیمارات ڕۆڵی ئەرێنی لە سەقامگیریی عێراق بگێڕێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی عێراقی پتەوتر بکات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە ڕووی ستراتیژییەوە، ئیمارات بەردەوام دان بەوەدا دەنێت و جەختیش دەکاتەوە، کە هەرێمی کوردستان لە توانایدایە ڕۆڵی کاریگەر و گرنگی ئەرێنی لە هاوکێشەکانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگێڕێت. پارسەنگی ئەو دیدە ستراتیژییەیش: پێدانی پێگەیەکی زیاتر و بەسەنگترە بە هەرێمی کوردستان و، چەندان دەروازەی تر لە دەرەوەی هەرێم بەڕوویدا دەکاتەوە و تۆڕی پەیوەندییەکانیشی فراوانتر دەکات. ئەمانەیش هەموویان لە پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا چەسپاون و هەوڵی بەدیهێنانیان دەدرێت و پارسەنگەکەیشی بۆ هەرێم تا هەنووکە ئەرێنی بوون.

**ڕەنگدانەوەی سەردانەکەی نێچیرڤان بارزانی لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان**

هەرێمی کوردستان لەپێناو پرسی نەتەوەیەکی ستەمدیدەدا خەبات دەکات. گەرچی ئەم هەرێمە ئێستا لە عێراقدا لە سیستەمی فیدراڵیدا بەپێی دەستوور بەرجەستە بووە، بەڵام گەرەنتیی مانەوەی لە مەترسیدایە. دوژمنانی سیستەمی فیدراڵی زۆر لە پشتیوانانی زیاترن. هەندێ جار وا دەبینرێت کە فیدراڵییەت لەبەردەم ڕێوڕەسمی مەرگەساتدایە و ڕێوشوێنەکانی لە ڕووی سیاسی و کارگێڕی و یاساییەوە بەرەو سێنترالیزمی وڵات لە برەودایە؛ هەر بۆیە پێگەی سەربەخۆی هەرێم بەردەوام پێویستی بە پشتیوانیی نێودەوڵەتی و دەمەزەردکردنەوە هەیە لەو بارەیەوە.

یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو سەردانە، پتەوکردنەوەی شەرعییەتی هەرێمە لەسەر ئاستی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نێودەوڵەتی، کە جۆرێکە لە دەمەزەردکردنەوەی دانپێدانان بە پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر هەرسێ ئاستەکە؛ بەوەی کە هەرێم بکەرێکی سەربەخۆ و کاریگەر و ئەکتیڤە و لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست حیسابی بۆ دەکرێت. ئەمە نەك هەر پێگەکەی لەسەر ئاستی ناوچەکە پتەوتر دەکات، بەڵکوو لەسەر ئاستی بەغداش بەسەنگتری دەکات.

یەکێکی تر لە بوارەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو سەردانانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئیمارات و دەوڵەتانی دیکە، وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، سەرلەنوێ جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە هەرێمی کوردستان ئارامترین نەوایە بۆ وەبەرهێنان لە تەواوی عێراقدا. لە لایەکی دیکەیشەوە بەرەوپێشچوونی ئەو پەیوەندییە ئابوورییانە و ڕەنگدانەوەی لەسەر واقعی هەرێم، بۆتە هۆی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان بەرەو ئەوە بچێت کە بتوانێت لە زۆر بواردا پشت بە خۆی ببەستێت. هەر بۆیە هەرێمی کوردستان لە چەندان بواردا توانیویەتی پێویستی بە دەرەوەی خۆی نەبێت. گەرچی بەردەوام بەرەوپێشچوونی وەبەرهێنان و کەرتەکانی ئابووری و بازرگانی، پێگەی هەرێمی لە دانوستان لەگەڵ بەغدا بەهێز کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا بووەتە جێی تەماحی بەغدا و هەوڵدان بۆ لەباربردنی هەنگاوەکانی پێشکەوتن.

ئەوەی سەردانەکان پێمان دەڵێن: ئەوەیە کە هەرێم توانیویەتی لە پەیوەندییەکانی دەرەوەیدا هاوسەنگی بپارێزێت، بەتایبەت لەگەڵ ئێران و تورکیا. ئەو پرۆسەی هاوسەنگییەیش وای لە هەرێم کردووە کە بریتی بێت لەو لایەنەی کە زیاتر لە بژاردەیەکی هەیە لە پەیوەندییەکانیدا بۆ تێڕوانین بۆ هاوکێشەکان لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەمەیش وای کردووە کە هەرێم توانای جووڵەی سیاسی و دیپلۆماسیی باشی هەبێت، تەنانەت لەسەر ئاستی حکوومەتی عێراق و لایەنە سیاسییەکانی؛ بەوەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەمیشە لەسەردانە فەرمییەکانیدا پەیامێکی ئەرێنییشی بۆ عێراق هەبووە؛ بۆ نموونە وەک ئەوەی ئێستا لە سەردانەکەی بۆ بەغدا و کۆبوونەوەی لەگەڵ چوارچێوەی هەماهەنگی و لایەنە سیاسییەکانی عێراق بەگشتی، دەیبینین.

هەندێ بۆچوون و هەڵسەنگاندنی میدیایی دوور لە گوتاری فەرمی هەن، کە ئاماژە دەدەن بەوەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشێکە لەو جووڵە ئاشتەوایی و نێوبژیکارانەیەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە بۆ کۆتاییهێنان بەو جەنگەی کە بەرۆکی ناوەچەکەی گرتۆتەوە. هەر بۆیە هەندێک وای بۆ دەچن کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو سەردانەدا هەندێ پەیامی سیاسیی لەلایەن هەردوو لاوە سەبارەت بە کۆتاییهێنان بە جەنگ پێ بووبێت و، گفتوگۆیان لەسەر کرابێت، چونکە هەرێم تاکە بکەری سیاسییە کە ئامانجێکی ستراتیژی و خودیی نییە لەو جەنگەدا.

ئەم بۆچوونانەیش لەوەوە سەرچاوەیان گرتووە کە سەردانەکە گەرچی مۆرکی هەرێمی کوردستان و دۆسیەکانی پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی ئیماراتی پێوە دیارە، بەڵام خودی سەردانە فەرمییەکە دوای تەلەفۆنەکەی وەزیری دەرەوەی ئێران هات لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 24 نیسانی 2026، کە لە 28/2/2026ەوە تا مانگی نیسانی هەمان ساڵ، سێ جاران بەتەلەفۆن پەیوەندیی بە سەرۆکی هەرێمەوە کردووە. بەڵام ئەم بۆچوونانە گەرچی ئەرێنین و دەیسەلمێنن کە هەرێم بەشێک نییە لە جەنگەکە و ئەو پەیامەیش لەلایەن "سەرۆکایەتیی هەرێم"ەوە زۆر بەزوڵاڵی ڕاگەیەنراوە و بەپراکتیکیش سەلمێنراوە، بەڵام سەرباری ئەوەی کە نکوڵییان لێ نەکراوە، بەفەرمی نە لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و نە لەلایەن دەوڵەتی ئیماراتەوە پشتڕاست نەکراونەتەوە.

**سەردانەکە وەک دەرفەتی بوون بە وێستگەی ناوبژیوانی**

پرسیارە گرنگەکە لەو بارەیەوە ئەمەیە: ئایا هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە دەتوانێت ببێتە

“سویسرا”یەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؛ بەوەی وەک هەرێمێکی گەشەسەندووی سیاسیی بێلایەن لە هاوکێشەکاندا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟ ئەمە لە سوودی هەرێم و دەوڵەتانی ناوچەکەیە، بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان تێدا دەژی. هەر لە سەرەتای ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستانەوە لە ساڵی 1992، هەرێم ئەو ڕۆڵە ئەرێنییەی بینیوە بۆ پرسی کورد و دەوڵەتانی دراوسێ و، هەرگیز نەبۆتە لایەن لە هاوکێشە سیاسییە دژوارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، نەبۆتە گۆڕەپانی یەکلاکەرەوەی هاوکێشەکان و مەترسی بۆ سەر دەوڵەتانی دراوسێ.

هەرێمی کوردستان ئەو پانتاییە جیۆپۆلیتیکییەیە کە خاڵییە لە دیدگەی ستراتیژیی فراوانخوازیی سیاسی؛ تەنیا ئەوەندە نەبێت کە عەوداڵی دابینکردنی مافەکانی گەلی کوردە بە ڕێگەچارەی ئاشتییانەوە. هەرێمی کوردستان، زیاتر لە خودی دەوڵەتی عێراق لە توانایدایە ئەو ڕۆڵی ناوبژیوانییە ببینێت؛ ئەوەیش پێگەی ستراتیژیی هەرێمی کوردستان پتەوتر دەکات. بەڵام ئایا ئەو پێوەرانە چین کە ئەو توانایە دەبەخشنە هەرێمی کوردستان بۆ بینینی ئەو ڕۆڵە ستراتیژییە؟ لەو بارەیەوە دەکرێت بڵێین کە هەرێمی کوردستان ئەمانەی هەیە: تۆڕێک لە پەیوەندیی هاوسەنگ، دیپلۆماسییەتی نەرم، بوونی پەیوەندییەکی ڕیالیستییانە لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو و ئێران و تورکیا و سووریا، گونجانی بارودۆخی ناوچەیی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و، بوونی بۆشاییی سیاسی لە عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ لەئەستۆگرتنی ئەو ڕۆڵە- چونکە هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە لە دیاردەی لایەنگیری خاڵی نین؛ جگە لەوەی کە توانای نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆ هەستان بەم کارە ستراتیژییە، زۆر پراکتیکی و ئەرێنییە.

**ئێرانییەکان چۆن لە سەردانەکە دەڕوانن؟**

دەکرێت بە جۆرێکی تریش ئەو پرسیارە داڕێژینەوە: ئایا دەکرێت سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەردانی وڵاتێک بکات، کە ئێران لەنێو تەواوی دەوڵەتانی کەنداو زیاتر دوژمنایەتیی دەکات و بەکردارییش هێرشی بەردەوامی دەکاتە سەر؟ لەسەر ئاستی فەرمی، بەرپرسانی ئێران لە حاڵەتی سیاسی و جیۆپۆلیتیکی هەرێمی کوردستان تێ گەیشتوون. گەرچی پێشتر لەلایەن ئەو وڵاتەوە لەلایەن سوپای پاسداران و چەندان گرووپی پرۆکسییەوە بەبەردەوامی هەندێ هێرشی ناڕەوا کراونەتە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام سەرەڕای ئەوەیش سەردانەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەدژی ئێران ئەژمار ناکەن و بەئەرێنی دەیبینن.

ئەوان زۆر مەبەستیانە هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو پەیڕەوە بێلایەنییەی خۆی بەردەوام بێت، هەر بۆیە لەو بارەیەوە تا ئێستا ڕێگرییان لێ نەکردووە، بەتایبەت کە ئەو سەردانە فەرمییە تەنیا دوای پێنج ڕۆژ لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی “عەباس عێراقچی”، وەزیری دەرەوەی ئێران، لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان دێت. ئەوان خوازیارن سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی هاوسەنگی خۆی ببینێت. ئێران وا سەرنج لە سەرۆکایەتیی هەرێم دەدات کە وەک کەناڵێکی پەیوەندیی کراوە وایە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە و، تەنانەت هەندێ جاریش لەگەڵ ئەمریکا. هەر بۆیە لەو بارەیەوە عێراقچی چەندان جار لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، گفتوگۆی کردووە و هەر لە ڕێگەی سەرۆکی هەرێمەوە داوای گەیاندنی پەیام و ناوبژیوانیی لێ کردووە.

بەم پێیە، هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە تۆڕێکی پەیوەندیی فراوانی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیر دەکەن، کە بەردەوام لە هەوڵی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و داکشان و خاوکردنەوەی هاوکێشە

توندەکانی شەڕ و پێکدادانە. ئەو پەیوەندییانەی کە هەرێمیش لەگەڵ دەوڵەتی ئیمارات هەیەتی، هیچ کات نە لەسەر حیسابی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەژمار کراون و، نە مەترسیشن بۆ ئەو، بەڵکوو لەوانەیە ئێران لە هەندێ بواردا لەو پەیوەندییە سوودمەندیش بووبێت، بەتایبەت کە ئەو وڵاتە لەژێر گەمارۆیەکی توندی نێودەوڵەتیدایە و لە کۆی دوازدە دەروازەی سنووریی ئێران لەگەڵ عێراق، نزیکەی حەوتیان لە هەرێمی کوردستانن.

( 1 ) **سەرۆک نێچیرڤان بارزانی گەیشتە ئەبوزەبی**، ڕێکەوتی سەردانیکردن: 3/5/2026

https://presidency.gov.krd/sarok-nechyrvan-barzany-gayshta-aaboozaby/

( 2 ) سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەیشتە ئیمارات | ڕووداو.نێت ڕێکەوتی سەردانیکردن: 3/5/2026

( 3 ) الإمارات وإقليم كردستان... ما هي آفاق التنمية السياسية والاقتصادية؟ ڕێکەوتی سەردانیکردن: 4/3/2026

( 4 ) سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەیشتە ئیمارات | ڕووداو.نێت ڕێکەوتی سەردانیکردن: 4/3/2026